کوردانی تاراوگە دڵخۆشن بە سەرکەوتنی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان




ساسان دەرویش- هۆڵەندا

لە دوای ئەو بەشداریە گەرموگوڕیەی کوردانی تاراوگە لە چەند هەفتەی ڕابردوودا لە بانگەشەکردن بۆ لیستی 182ی پارتی و سەرخستنی کاندیدەکانی پەرلەمانی عێراق و چوونە سەر سندوقی دەنگدان لە وێستگەکانی دەنگدەران لە شارەکان پۆل پۆل بە پۆشینی جلوبەرگی کوردەواری لە شێوەی کەرنەڤاڵێک بە دەستی بەرزکردنەوە و بەڵێندان بە پێشمەرگە و شەهیدان، وێژدانی خۆیان ئاسوودەکرد و لە دوای خستنەڕووی ئامارێکی سەرەتایی بۆ ئەنجامەکان لە هەڵبژاردنەکانی دەرەوەی وڵات، لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئاستی دەرەوە، بەراوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکانە و لە پێشەوەی لیستە کوردستانییەکان و لیستەکانی عێراقدایە، وێرای ئەوەی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش، پارتی پلەی یەکەمی تۆمارکردووە و بەمەش کوردستانییان لە دەرەوە و ناوەوەی هەرێمی کوردستان، ئاهەنگ و خۆشی وپیرۆزبایی سەرکەوتنیان لەیەکتر کرد، بۆ ئەم مەبەستەشکوردانی تاراوگە بۆ خەبات دەدوێن:

سەرەتا هونەرمەندی گۆرانیبێژ قادر غزالی حەسەن گوتی: هەمیشە دەنگ و ئاوازی مۆسیقا و گۆرانی من بۆ کوردستان و سەربەخۆیی بووە کە لە پێناوەدا زۆر خۆبەخشانە لە ئاهەنگ و چالاکییەکان بەشداربووم و ویستی هەمیشەیی دڵی منیش بووە بۆ ڕێبازی کوردایەتی و پارتی و بارزانی کە خەمخۆری ڕاستەقینەی گەل و خاکی کوردستان بوون لە ئێستا و ڕابردوودا، بۆیە پشتگیری خۆم پشتڕاستکردەوە لە لیست و کاندیدەکانی 184 و سەرکەوتنیان بخوازم، بەڕاستی پڕ بەدڵ پیرۆزبایی گەرمیان لێدەکەم بۆ ئەم سەرکەوتنە گەورەیە. پاشان خاتوو بەدیعە ئەمین گوتی: هەمیشە پارتی قوتابخانەیەکی داکۆکیکاریی نیشتمانی و نەتەوەیی بووە و مێژوەکەی شاهیدی ڕاستییەکانن، چ لە شار بوو بێت، یاخود شاخ، بەتایبەتی داکۆکیکار لە مافی ئافرەتان و یەکسانی کۆمەڵایەتی لە دەسەڵاتی ئەمڕۆ و لە شاخیش بە خۆین فیداکاری خاک و گەل بووە، ئەمڕۆش تۆماریکی تری خستە نێو مێژووی پڕ شانازیی بە سەرکەوتنەکانی لەنێو کوردانی تاراوگە و هەرێم، بۆیە دەڵێم پیرۆزتان بێت خانەوادەی شەهیدان و پێشمەرگە و دڵسۆزان ڕێبازی پیرۆزیی بارزانیی نەمر. هەروەها پێشمەرگەی دێرین جەبار کەمال لەوبارەیەوە گوتی: ئەوەی لە ئەنجامی سەرەتایی هەڵبژاردنەکان گوێبیستی بووین، چاوەڕوانکراوبوو لە دەنگدەرانی پارتی و متمانەدان بە سەرۆک بارزانی کە تاکە سەرۆکی کوردانە بۆ دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی و











دڵخۆشکردنی خانەوادەی شەهیدان، پیرۆز بێت ئەم سەرکەوتنە جوانە بۆ مێژووی پاک و بێگەردی پارتیمان و سەرکەوتووین.

خاتوو ساهیرە مەلا گوتی: لەگەڵ کازیوەی دەم بەیاندا، خۆم و هاوژین و منداڵەکانم بەرەو شارێکی تر بۆ دەنگدان هەنگاومان بڕی، سوپاس بۆ خوای گەورە و ئەو متمانە گەورەیەی کوردانی تاراوگە بۆ پارتی و بارزانی کە براوەی یەکەم بێت و لە پێشەوەی لیستەکانی تردا بێت، بە هیوام لە چوار ساڵی داهاتوو پارتیمان شەڕی دەستووری و چەسپاندنی بەندەکانی بکات و پیرۆزبایی لە خۆمان و هەموو پارتییەکان دەکەم. هەروەها هەڤاڵ ستار کۆچەر ئەویش گوتی: لە دوای هەموو ڕووداوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی و شەڕی تیرۆریستان، خەڵکی هۆشیاری کوردستان بۆیان ئاشکرابوو کێ دڵسۆزی خاک و نیشتمانە و کێ سەرۆکی ناو سەنگەر و داکۆکیکاری هەمووانە، ئەوە پارتی و سەرۆک بارزانی بوو، بۆیە بە تێکڕای دەنگ ڕوویان لە دڵسۆزیی وەفاداری ڕێبازەکەیان کرد و دەنگی خۆیان پێدا و بەڵێنیاندا هەمیشە لەگەڵ لیستی پێشمەرگە و شەهیدان بن و زۆر دڵخۆشین بەم سەرکەوتنە و پیرۆزبێت. لە کۆتایشدا دکتۆر فەلاح ئەبوبەکر گوتی: داری میژوویی پارتی و سەروەریەکانی هەمیشە پڕ لە گوڵ و جوانی مرۆڤایەتین، بۆ گەیاندنی دەنگی پەنگخواردووی نیشتمانێکی داگیرکراو و خاکێکی سووتێندراو بە ئاگر و ئاسن لە دوێندا بەخوێن پارێزەر بوو، ئەمڕۆش لە دەسەڵاتدا هەربەخوێن پارێزگاری دەکات، ئەمەیە بڕوابوون بە ئایندەی گەشی میللەتێک کە هاونیشتمانیان و دڵسۆزانی هان بدات دەنگ بۆ سەروەری و دەستکەوتی زیاتری کوردستان بدەن و بژی پێشمەرگە و دڵسۆزانی پارتی، بۆ ئەم تۆمارە گەشە و نەمری بۆ شەهیدان و پیرۆزبێت سەرکەوتن لە هەمووان

دوای ئەو هەموو دژایەتیە پارتی سەرکەوت!



هیمداد عەبدوڵڵا

دوای ئەوەی لایەنە دژەپارتیەکان هەرچی لەدەستیان هات دژی پارتی لەبانگەشەی هەڵبژاردن کردیان و وا وێنایان دەکرد کە شکست بەپارتی دێنن لە هەڵبژاردن.

بەڵام ئەوەی کە خۆیان چاوەڕێیان نەدەکرد ئەوشکستە گەورەیە بوو کە خۆیان توشی هاتن و چاوەڕێیان نەدەکرد، چونکە وایان دەزانی بە دژایەتیکردنی پارتی دەنگ بە دەست دێنن و دەنگ لە پارتی دەبەن و پارتیش لە گۆڕەپانەکە دوور دەخەنەوە.

بانگەشەی هەڵبژاردنیان لەسەر ئەو بنەمایە ئەنجام دەدا کە پارتیان تاوانبارەدکرد بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و هەموو کێشەکانی کوردستانیان دەبەستەوە بەووەوە، بەقەولی خۆیان، خۆیان شیرین دەکەن لەلایەن خەڵک و لەخەمی خەڵکدان، بەدژایەتیکردنی پارتی هەوڵی دەنگ کۆکردنەوەیان دەدا.

هەموو ئامانجیان دژایەتی کردنی پارتی بوو چونکە ئەو هێزانەی دژەپارتی هیچ دەستکەوتیان نەبوو تاشانازی پێ بکەن و بانگەشەی هەڵبژاردنی پێ بکەن، جگەلە دژایەتی کردنی پارتی.

بەڵام دواجار خەڵکی کوردستان لە 5_12 قسەی کۆتایی کرد و بەدەنگدانیان بە پارتی وەڵامی چەواشەکاری ناحەزانی پارتیان دایەوەو دەنگیان دا بەو حزبەی کە بەرگریکاری سەرسەختە لە داوارەواکانیان و پارێزگاری کاری کوردستان و هەڵگری ئاڵای سەربەخۆییە وە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیش گەورەیی و بەهێزی پارتی دەرخست کە پارتی ئەو هێزەیە ڕەگ و ڕیشەی لە ناو جەماوەری کوردستان دا کوتاوە، دەنگدانی کوردستانیان بە پارتی وەڵامێکی جەرگبڕ بوو بۆ هەموو دوژمنانی کورد و پارتی کە جەماوەری سەربەرزی کوردستان لە هیچ کاتێک پشتی پارتەکەیان بەرنادەن.

چونکە باش دەزانن وە بۆیان ڕۆن بۆتەوە کە تاکە هێز بتوانێ کوردستان ببات بەرەو کەناری ئارام و دەستکەوتی زیاتر بۆ کوردستان بەدەست بێنێت پارتی یە و لەسەر ئەو ئەساسەش دەنگیان دا بە پارتی دیموکراتی کوردستان.

لەهەمبەر ئەو هەڵوێستە نەگۆڕو کوردانەشی کە لە ڕابردوو هەی بووە، لەپاداشتی ئەوە جەماوەری سەربەرزی کوردستان بەدەنگەکانیان دلسۆزی و وەفاداری خۆیان بەدەنگدانیان بە پارتی دووپات کردەوە و جارێکی تر پارتی یان کردەوە بە هێزی یەکەمی کوردستان.

ئەوانەشی کە هیوایان لەسەر دژایەتیکردنی پارتی هەڵچنی بوو، پێیان وابوو کە دەتوانن دەنگ بهێنن و پارتی بچووک دەکەنەوە، خۆیان بەهێز دەکەن، هەڵە بوون چونکە ئەگەر سەیری دەنگەکانیان بکەی دەزانی کە تووشی چ سزایەک هاتوون و ڕووبەڕی دەنگەکانیان لە کەمبوونەوەیە و خۆشیان لە بچوکبوونەوەن.

بۆیە پێویستە ئەوڵایەنانە ڕاستیەک هەیە دەبێ بیزانن، ئەویش ئەوەیە کە پارتی هێزی یەکەمی کوردستانە و هەربەهێزی یەکەمیش دەمێنێتەوە، چونکە بەدژایەتیکردن گەورەیی و خۆشویستی پارتی زیاتر لەناودڵی جەماوەری کوردستان جێگیر دەبێت و تا پارتیش خاوەن ئەو جەماوەرە بەوەفاو دلسۆزە بێت هیچ دوژمنێک ناتوانێ بی وەستێنێ لە خەبات لە پێناو بەدەست هێنانی مافی ڕەوای گەلی کوردستان، ئەوڵایەنانەشی کە سیاسەتی دیایەتیکردنی پارتی یان کردۆتە بەرنامەی خۆیان ڕۆی بەڕۆی لە ئاست گەورەیی پارتی بەچۆک دادێن و جگە لە بچووک کردنەوەی خۆیان هیچی تریان دەست ناکەوێ.



ڕەفتارێن نە ڕەوشەنبیری، ل پایتەختێ ڕەوشەنبیریێ



غیاس خالد زێباری

ب کورت و کرمانجی ڕەوشەنبیری زانینا هندەک زانیاریانە ل زۆر بووارادا، دیسان ڕەوشەنبیری ڕەوشتێن مرۆڤایەتی یە و ڕێزگرتنە ل دید و بۆچوونێن بەرامبەر، کەسێن ڕەوشەنبیر زێدەتر ل خەلکەکێ دی پێتڤییە ڕێزێ ل بنەمایێن دیموکراسیەتێ و سەروەریا یاسایێ و ئاسایشا وەلات و وەلاتیان بگرن.

باژێرێ سلێمانیێ چەند ساڵەکە ب فەرمی ژ لایێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ وەک پایتەختێ ڕەوشەنبیری هاتیە ناساندن، ڕاستە باژێرێ سلێمانیێ هژمارەکا زۆرا کەسانێن ڕەوشەنبیر و نڤیسەر و سیاسەتمەدارێن ناڤدار بەرهەم ئینانە و جهێ شانازیێ نە. لێ پێتڤی یە لایەنێن سیاسی لڤێ پارێزگەهێ، ب ڕێزگرتنا هزرا بەرامبەر و ئەجامێن هەلبژارتنا قەبوول بکەن چونکی بنەمایەکێ سەرەکیێ دیموکراسیەتێ یە و ڕەوشت بلندی یە، ڕێزێ ل پایتەختبوونا ڕەوشەنبیری بگریت. داکۆ خەلکێ کوردستانێ شانازیێ ب خەلکێ سلێمانیێ بکەت.

مخابن چەند ساڵە جار جار ڕەفتارێن نە ڕەوشەنبیری یێ چەند لایەنێن سیاسی و جەماوەرێ وان ل پایتەختێ ڕۆشەنبیری سەرهەلددەن، مینا خۆنیشاندانێن د بنە ئەگەرێن تێکدانا ئاسایشا دەڤەرێ و دژایەتیا حزبەکا دیارکری و سۆتنا بارەگایێن وان و بەلاڤکرنا هزدا دووبەرەکیێ و ئیرهاب فکری دڤی باژێرەیدا.

ل هەلبژاردنێن جڤاتا نوونەرێن عیراقا فیدرالی ژیدا، دیسان نە تنێ ڕەفتارێن نە ڕەوشەنبیری بەلکی یێن بەرۆڤایی ڕەوشەنبیریێ سەرهەلدان، وەک دەستکاریکرن د ئەنجامێن هەلبژارتنا و هێرش کرنە سەر بارەگایێن حزبێن سیاسی و کونترۆلکرنا بنگەهێن دەنگدانێ ژلایێ هێزێن ئێمناهیێ. ئەگەر ئەڤ ڕەفتارێن بەرۆڤایی ڕەوشەنبیریێ و دیموکراسیەتێ ژلایێ کاربدەستێن و پلەدارێن حزبەکا دیارکری بن، لێ ل پایتەختێ ڕەوشەنبیری هاتینە کرن و پێتڤی یە خەلکێ پایتەختێ ڕەوشەنبیری بەری وان پارتیێن دیتر یێن ئەنجامێن هەلبژارتنان دیی وان هاتینە دەستکاریکرن، ڕەوشەنبیریا خۆ بکار بینن و دژی وی لایەنێ بڤێ ڕەفتارا دژی ناسناڤێ وان ڕابووری و دەنگێن نەرازیبوونێ بلند بکەن، داکۆ بۆ خەلکی ب پراکتیک بهێتە چەسپاندن سلێمانیێ پایتەختێ ڕەوشەنبیری یە.

ئەڤ دەستکاریکرنا ئەنجامێن هەلبژارتنان یبلی کۆ ڕەفتارەکا نە ڕەوشەنبیری و نە دیموکراسی یە، پیلانەکە بۆ سەرهەلدانا دووبەرەکیێ دناڤ جڤاکێ سلێمانیێ و گەرمیان و دەوروبەر، دبیت مینا پیلانا خیانەتکاریا 16ێ ئکتۆبەرا سالا 2017 بیت دەمێ بۆ بەرژەوەندیێن کەسی پێش هێزێن داگیرکار کەفتی، کەرکووکێ و دەورەوبە د چەند دەم هژمێرەکاندا هاتە داگیرکرن و دووبارە دەست ب عەرەبکرنا وێ هاتەڤکرن و زیانێن زۆر و مەزنێن گیانی و مادی ب خەلکی کەفتن. ڕەنگە بەردەوامیا وێ خیانەتێ بیت و ئەو سەرکردێن ئێکەتێ یێن ب خیانەتکا 16 ئکتۆبەرێ ڕابووری، ب پیلان و بەرنامە ئەڤ خیانەتە ب ڕێنمایی یێن سەرکردێن شیعەییێن عیراقێ یێن دەسهەلاتداریا عیراقێ دەدەستیدا ئەنجامدابیت، داکۆ بەردەوامیێ بدەنە نۆکەریا شیعەگەریا عیراقێ و ئیرانێ. چونکی لاوازبوونا دەسەلاتداریا سلێمانیێ لاوازبوونا کاریگەری و هەیوونا حکومەتا شیعەگەریا عیراقێ و ئیرانێ یە، ل کوردستانێ و ب لاوازبوونا وێ زۆر بەریەوەندیێن وان یێن سیاسی و ئابوری دێ لدەست دەن. نەرازیبوونا دەسەلاتدارێن سلێمانیێ و کۆمسیۆنا هەلبژارتنان لسەر بدەست ڤاڤارتنا دەنگێن هەلبژارتنان ل سلێمانیێ، نیشانێ ڕێکخستنا پیلانەکا بڤێ ڕەنگی یە. لەوما ل فەریێ فەرتەرە خەلکێ سلێمانیێ و حزبێن دیتر ل سلێمانیێ هەمی ڕێکێن یاسایی و سیاسی و جەماوەری بکار بینن بۆ ئاشکراکرنا ڤێ پیلانا مەزن و دادگەهکرنا تاوانبارێن بڤێ تاوانێ رابووی .

داکۆ مافێ سرۆشتیێ خەلکێ پایتەختێ ڕەوشەنبیری، ب ڕەنگەکێ ڕەوشەنبیری و دیموکراتی بزڤریت و کەس و لایەنێن سەختەکار بهێنە شەرمزارکرن.